گوتاری پیاوانی ئایینی

تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر

♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی یەکەم

(یەکێتی زانایان) وەڵامێکی نالایقیان نوسی لەسەر نوسینە چوار ئەڵقەییەکەی من (پیاوانی ئایینی لەنێوان کاری زانستی ودادگاییکردنی نوسەراندا) کە وەڵامی ڕەخنەیەکی نالایقی تریان بو لەسەر نوسینەکەی کاك شازین هێرش (ئابڵوقەی ئەمرۆی سەر غەززە وئابڵوقەی سەر جولەکەکانی دوێنێی مەدینە)، کە بەڕیز هەمویان لەهەفتەنامەی ئازیزی (هەواڵ) دا بڵاو بونەوە.

کاتێك نوسەرێك ڕەخنە دەگرێت یان وەڵامی ڕەخنەیەك دەداتەوە، ئەگەر بەقورسییش دابەزێتە سەر بابەتەکە وڕەخنەی تونديش بگرێت لەبیروڕا وبۆچونەکان ونوسەریش تۆمەتبار بکات بەبێئاگایی لەزانیاریی پێویست هەر قبوڵە و واریدە، بەڵام کاتێك قەڵەمێك یان فەریکەقەڵەمێك دێت وبە بابەتەکە ناوێرێت ئینجا دەکەوێتە تەشهیر وناوزراندنی نوسەر وهەڵرشتنی داخی دڵ بەکۆمەڵێك قسەوقسەڵۆك کە زیاتر لەجوێنەوە نزیکن، بەڵکو هەر جوێنی تەواون بەڵام لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامە نەك لەلاکۆڵان، ئەو کاتە ئەو نوسینە جگە لە (بێئەدەبی) و (نالایقی) هیچ وەسف وپێناسەیەکی تری پێ ناشێت. پێویستە مرۆڤ پێش ئەوەی (زانا)(!) بێت (بەئەدەب) بێت، پێش ئەوەی (زانست) وەرگرێت (ئەدەب) وەرگرێت. کێشەکەش لەجەوهەردا نەبونی ئاوەزی ئەدەب نیە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە بەداخەوە موسوڵمان لەبەرامبەری بیروڕای جیاوازدا ولەبەرامبەری خاوەنی بیروڕاکەیشدا پێی ڕەوایە بێئەدەبی بکات، پێی وایە خێری دەگات تەشهیری پێ بکات وناوی بزڕێنێت، بەجیهاد وغەزای دەزانێت کە ئەگەر چەقۆیشی لێ نەدات قسەی وەکو چەقۆی پێ بڵێت. ئەگەر موسوڵمانێك هەبێت بەم شێوەیە هەڵس وکەوت نەکات وگفتوگۆی گونجاو ولەسەرخۆ بێت ئەوە دیارە بەجیا بیری کردوەتەوە وکاریگەریی کولتورێکی تری لەسەرە جگە لەکولتوری ئیسلامی. بەداخەوە (تەشهیر وتەکفیر) سەنعاتێکە کە تایبەتە بەمرۆڤی موسوڵمانی ڕەسەنەوە و، موسوڵمان ئەگەر تەنها سود لەئیسلام ببینێت وتەنها ئیسلام سەرچاوەی بیرکردنەوەی بێت هەر بەو شێوەیە دەتوانێت وەڵامی بیروڕای جیاواز بداتەوە. ئەم گوتاری تەشهیر وتەکفیرەی مەلاکان، نمونەیەکی ڕەسەنی گوتاری ئیسلامیە وئەدەبی ئیسلامی لەگفتوگۆدا بەلێهاتویی تەواو بەرجەستە دەکات. لەقورئانیشدا تەشهیر وتەکفیر هەیە: باسی (ئەبو لەهەب) وژنەکەی دەکات بزانە چۆنی باس کردون (المسد: ١ ـ ٥)، باسی (وەلیدی کوڕی موغیرە) دەکات کە یەکێك بو لەپیاوە ماقوڵ وعاقڵەکانی مەککە، وبزانە چ تەشهیرێکی پێ دەکات: پێی دەڵێت: (سوك) (تانەدەر) (فیتنەچی) (چاکەنەخواز) (دەستدرێژکار) (تاوانکار) (ڕەزاگران) ئینجا (بنەچە نادیار)!، ئینجا دەڵێت (لوتی دەبڕین)! (القلم: ١٠ ــ ١٦) (هەرچەند بیروڕای تر هەیە لەسەر دیارکردنی مەبەستی ئەم دەقە کە ئەو کەسە کێیە)، ئەمەش هەموی لەسەر ئەوەی وەلیدی ناویراو قەناعەتی بەئیسلام نەکردوە وبە عەقڵیدا نەچوە وپشتی بەعەقڵ ولێکدانەوەی خۆی بەستوە! بەڵام دەقە قورئانییەکە بەدوای کەسێتیی موغیرەدا چوە وئەوەی داوە بەڕویدا کە باوکی دیار نیە وپیاوێکی مەککەیی کردویەتی بەکوڕی خۆی! ئەمە نمونەیەکی ڕەسەن وزیندو وبەردەوامی گوتار وگفتوگۆی ئیسلامیە. مەلاکانیش واریسی پێغەمبەرانن! بۆیە گوتار وگفتوگۆکەیان ئاوایە. ئەگەر قورئان تانە بدات لە (ڕەزا) و (بنەچە) و (لوت) ی وەلیدی کوڕی موغیرە، ئیتر سەیر نیە مەلاکانیش کە لەو ئاوە زوڵاڵەیان خواردوەتەوە تانە بدەن لەچاویلکەکەی من یان لەباکگراوندی ئایینیی من یان هەر شتێکی تر.

کە چاوم (کەم حوکم!) بوە وچاویلکەم لەچاوە، مەسەلەکە هەموی ئەوەیە من تەمەنی گەنجیی خۆم لەتوێژینەوەی کەلەپوری ئایینیدا سەرف کرد، ئەم چاوە کەم حوکمانەی من بەیارمەتیی چاویلکەکەم وکۆمپیوتەرەکانم وکتێبخانەکەم شتی وا دەبینن کە ئێوە مەلاکان دوای هەزار وچوار سەد ساڵیش نەتانبینیوە و وا دیارە ئێمەش سەرنجتان ڕانەکێشین هەر نایبینن! ئەو کاتانەی ئێوە خەریکی دەعوەتخواردن وخەو وئیسراحەتن من خەریکی کۆکردنەوەی هەمو زانیاری ولەتوپارچەیەکم کە پەیوەندیی هەبێت بەدەق وچەمك وچیرۆکە ئایینیەکانەوە، سەرەنجامەکەیشی دەبینن کە ڕەگوڕیشە وبنچینە وباکگراوندی ئیسلام بۆ هەمو خەڵك ڕون دەکەمەوە، ئەوە جارێ هێشتا سەرەتای کارمە، ئەو نەخشە فراوانەی دامناوە بۆ توێژینەوەی ڕیشەیی لەئیسلام پڕۆژەیەکی گەورەیە وسوریشم لەسەر ئەوەی کە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە بگاتە ئاگایی هەمو موسوڵمانێك، تەنها چەند ساڵێکی کەم چاوەڕێ بن، ئەوسا ببینن.

ئەگەر خوێنەر چاوێك بخشێنێت بەم (وەڵام) ەی مەلاکاندا، بەڕونی دەبینێت ناعادیلانە نوسیویانە وپەنایان بردوە بۆ تەشهیر وناوزراندن وگەڕان بەدوای باکگراوند وپێشینەی ژیاندا، هەر بۆ چاوبەستی لەخوێنەر ودەربڕینی ڕقی پیرۆزکراوی خۆیان زوو زوو نوسینەکە بە (بەناو نوسین) و (درێژدادڕ) و (قرپۆك) و (بێ سەرەوبەرە) وشتی تر ناوزەد دەکەن (با خوێنەر خۆی بڕیار بدات نوسینی من یان نوسینی ئەوان قرپۆکە وهەر بەناو نوسینە، یان درێژدادڕ وبێ سەرەوبەرەیە).. سەرباری ئەوەش سنوری هەمو ئەدەب ولیاقەتێکیان بەزاندوە وجارێك تەشبیهیان کردوم بە (قالۆنچە) بەو پێیە کە گوایە حەزم لەعەتر وگوڵاوی عیلمی مەلاکان نەکردوە بەڵکو حەزم لەبۆنی ئاووئاوەڕۆی فیکری چین وتوێژ وتەوژمەکانی تر کردوە (بڕوانە ئەو هەمو ئەدەب وفەزیلەتە!).. جارێکی تریش لەڕێگەی دێڕێك شیعری عەرەبیەوە تەشبیهیان کردوم بەتوتەڵە سەگێك کە خاوەنەکەی گەورەی دەکات وکاتێك دەبێتە سەگی تەواو قاچی خاوەنەکەی دەگەزێت! بەو پێیە کە گوایە من لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی خوێندومە وکاتێك پێگەییوم ڕەخنەم لێیان گرتوە! جا سەرنج بدە لەم هەمو ئەدەب وبەیان ومەنتیق وبەراوردەی کاکە مەلا! جارێکی تریش پێم دەڵێن "تۆ لەکونی خۆت هەڵ گەڕاویتەوە وگەڕ بویت"! بەو پێیە کە من ڕۆژێك لەڕۆژان باوەڕی ئایینیم هەبوە وئێستە خەریکی ڕەخنەسازیی کولتوری ئایینیم. ئەم قسەوقسەڵۆك وتانەوتەشەر وناوزراندنەی مەلاکان جگە لەهەژاریی مەعریفی وزانستیی خۆیان هیچی تری پێ ناسەلێت وجگە لەبێزهەستانی زۆربەی خوێنەران هیچ ئاکامێکی تری نیە، جگە لەتورەیی زیاتری منیش لەپیاوانی ئایینی وگوتارەکەیان وتەراتێن وگەمەکانیان.

" وریا بن، تورەیی من لەخۆتان مەورۆژێنن، من هەمو سروتڕی ئیسلام شارەزام. ڕوبەڕوبونەوەی ناعادیلانەی من ئاکامی خراپی هەیە وخۆیشتان خەریکە دەزانن. بەکورتی پێتان دەڵێم: لەگەڵ مندا پێتان ناکرێت و واز بێنن باشترە ودەست بەو کلاوە شڕەوە وئەو تۆزە ئابڕوەوە بگرن بۆ خۆتان چاکترە. مێرولە نەچێ چاکە...!"

"مادەم ناعادیلانە وەڵامتان دامەوە وپەناتان بۆ تەشهیر وناوزراندن برد، منیش سەد جاری تر دەگەڕێمەوە بۆ فایلی مەلا وپیاوانی ئایینی. بەم زوانە سەرجەمی ئەم مشتومڕانە وهەمو نوسین وتوێژینەوەکانم لەسەر پیاوانی ئایینی ومەعریفەکەیان دەبنە کتێبێك وبۆ ئاگایی هەمو خوێنەران بڵاو دەبێتەوە."

"مادەم ڕەچاوی ئەدەبی ڕەخنە و وەڵامتان نەکرد، ئێمەش لەمەودوا هەمو شتێك دەڵێین، هەمو ساختەیی وتەنکی ولاوازییەکی بیری ئایینیی ئیسلامی بۆ خەڵك ڕون دەکەینەوە، هەمو (سروتڕ) ێك ئاشکرا دەکەین، کارێك دەکەین پەشیمان بن کە جارێك بەغەڵەت دەمتان لەبەرامبەری ئێمەماناندا کردوەتەوە. ئەو غەڵەتەی کردتان باجەکەی بەقورسی دەدەن."

"من دەتوانم لەسەر تەشهیرە نزمەکەتان سکاڵا لەدادگا تۆمار بکەم لەسەرتان، بەڵام دەزانم ڕەخنە بێوەڵامەکانی من لەسەرتان لەهەمو موحاکەمە ومورافەعەیەك قورستڕن، بۆیە هەر خۆم دادگاییتان دەکەم وهەر خۆم سزاتان دەدەم. لەدادگاکەی مندا هەمو ئەفسانە وچاوبەستییەك ئابڕوی دەچێ وشەرمەزار دەبێ وهەر کەسێکیش ئەو ئەفسانەگێڕی وچاوبەستیەی بەسەردا ساخ ببێتەوە بەسزای زانستیی قورس سزا دەدرێ!"

"ئێوە هەر ئەوانە بون (سوهروەردی) تان بەکوشت دا، و (سەیفوددینی ئامێدی) تان بەدەرکردن دا، و (ئیبن ڕوشد) تان توشی میحنەت ودەربەدەری وکتێب سوتان کرد، هەر ئێوە بون مامۆستا (عەبدولخالیق مەعروف) تان کوشت.. ودەیان وسەدان وهەزارانی تریش بەفەتوای ئێوە ئازار دران ولەناو بران.. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کۆتایی بەگەمە وتەراتێن وقیرەقیرەکانتان بهێنرێت.. ئەوەی لەم بارەیەوە بەمن بکرێت درێغی ناکەم، پێم وایە هەر خۆیشم نیم وسەدان وهەزاران کەسی تریش هەمان ئامانجیان هەیە، ئێمە سوپایەکی گەورەین لەهەمو وڵات وهەرێمێکدا هەین وخەریکی توێژینەوەی ڕەخنەیین لەسەر ئیسلام ومێژوەکەی وپیاوەکانی."

پێشینە و خوێندنی ئاینیی من

وەڵامنامەکەی (یەکێتیی زانایان) لەسەرەتاوە ئەوەیان داوەتەوە بەڕوی مندا کە من لەتەمەنی (١٧ ـ ١٨) ساڵیدا لەخوێندنگەیەکی ئایینیدا خوێندومە. پێش هەمو شتێك ئێوە باسی زیاتر لەدە ساڵ لەمەو پێش دەکەن، لەو کاتەوە تا ئێستا من هەزارویەك سەروسەودای ترم هەبوە وهەزارویەك قوتابخانە وئایدیۆلۆجیای تر گەڕاوم ولە هەزارویەك ئاوی ترم داوە. ئینجا ئەوان وایان پێشان داوە کە من هەر کە وازم لەخوێندنی ئایینی هێناوە یەکسەر دەستم داوەتە ئەوەی کە ئەوان بەنارەوا ناویان ناوە (چەواشەکاری). لەکاتێکدا وەختێك من وازم لەو خوێندنە ئایینیە کاڵوکرچە هێنا بەهیوای ئەوە بوم زانایەکی ئایینیی ڕوناکبیر وموجتەهید وئەکتیف بدۆزمەوە ولەگەڵ ئەودا بەهاوکاریی یەکتر کێشە ومەتڵەکانی ئیسلام یەکاڵا بکەینەوە، چونکە بەتەواوی بێزار ببوم لەو وانە ئایینیە کاڵوکرچانە کە تەنها وەرگێڕانێکی کوردیی سادەی هەندێك کتێبی عەرەبی بون وهیچ جۆرە نوێگەرییەك یان بزاوت وچالاکییەکی زانستی وفیکرییان تێدا نەبو، تەنها بریتی بون لەکۆمەڵێك بیروباوەڕی بڕیاردراو (بەتایبەتی بیری ئایینیی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین کە نیمچەسەلەفیە یان هەر سەلەفیەتە بەهەندێك چاکسازیی موحەممەد ڕەشید ڕەزاوە!) وکۆی کارەکەش تەنها ئامانجێکی حزبیی هەبو وتەنها بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵێك کادری مەلایی حزبیی یەکگرتو بو بۆ ئەوەی مزگەوتی گوند وگەڕەکەکان داگیر بکەن وکاری یەکگرتویان تێدا بکەن. بەڵام لەئاکامدا بێهیوا بوم لەوەی زانایەکی ئایینیی ڕوناکبیر وئەکتیڤی لەو جۆرە ببینمەوە، و وردەوردە دڵنیا بوم لەوەی کە بۆ خۆم وبە کۆکردنەوەی هەمو سەرچاوەیەکی پەیوەندیدار بەتەنها دەست بکەم بەتوێژینەوەی ئیسلام وئایینەکانی تر زۆر سەرکەوتوترە. دوای ئەم بڕیارەش هێشتا بڕوام وابو کە پێویستە نوسین وتوێژینەوەکانم ئاراستەی ئیسلامیەکان بکەم چونکە ئەوان پێویستییان بەم جۆرە لێکۆڵینەوە نوێیانە هەیە لەسەر چەمکە ئایینیەکان نەك عەلمانیەکان کە توێژینەوەی ئایینییان بەلاوە گرنگ نیە ویەکپارچە بابەتەکەیان فەرامۆش کردوە، بۆیە بۆ ماوەی نزیکەی دو ساڵ لە (کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامیی کوردستان) ی سەر بەیەکگرتو کارم کرد، لەو ماوەیەدا خەریکی توێژینەوەکانی خۆم بوم وهەندێك نوسینی عەرەبیم لەپاشکۆی عەرەبیی هەفتەنامەی (یەکگرتو) دا بڵاو کردەوە ونامیلکەیەکی عەرەبییشم لەسەر بابەتی (تأویل) (ساڵی ٢٠٠٠) لەسەر ئەرکی خۆم بڵاو کردەوە، هەرچەند لەو کۆمەڵەیەدا فرمانێکی زانستی وفیکرییان بەمن نەسپاردبو، کارێکیان بۆ دانابوم کە بەکاری من نەدەشیا. لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆمەڵەیەشدا دیسان ئینتیمای حزبییان دوپات کردوە، ناچار دەستم کردەوە بەخوێندنی وانەی حزبیی یەکگرتو وئابونەیشم دەدا! لەئاکامدا لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە وەکو مزگەوتێك وابو ومەرجە ئایینیەکانی دوپات دەکردەوە ومەرجی (نوێژکردن) یان بەرامبەر من زەق کردەوە، ئیتر بەیەکجاری بەجێم هێشت وبەتەواوی حاڵی بوم کە هەمو هەوڵێك بۆ نزیکبونەوە لەعەقڵی ئیسلامی وهەوڵی کارتێکردنی هەوڵێکی بێئاکامە. بەدەرچونم لەو کۆمەڵەیە کە تەنها دەزگایەکی حیزبیی ڕوت بو وڕاستەوخۆ بەسرابوەوە بە (لق) و (مەڵبەند) ی یەکگرتوەوە، هەستم بەئازادیی تەواو کرد وتوێژینەوەکانی خۆم لەسەر ئیسلام وئایینەکانی تر درێژە پێ دا. هێشتایش هەر بیرم نەدەکردوە لەوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی خۆم لەبڵاوکراوەیەکی عەلمانیدا بڵاو بکەمەوە، چونکە هیوام بەکۆمەڵێك ڕۆشنبیری گەنج هەبو لەنێو ئیسلامیەکاندا ونەیشمدەویست گوتار ونوسینەکەم ببێتە کەرەستەیەك بۆ شەڕێکی حیزبی وئایدیۆلۆجیایی، بۆیە گۆڤاری (هەژان) ــم هەڵ بژارد بۆ بڵاوکردنەوەی نوسینەکانم کە هەر چەند سەر بەیەکگرتوە بەڵام سەرنوسەرەکەی کاك (سۆران سێوکانی) بو کە پیاوێکی ڕوناکبیرە، بۆیە لەو گۆڤارەدا هەندێك توێژینەوەی خۆمم بڵاو کردوە: (چەمکی ناو لەنێوان گوتاری قورئانی وبونیادی هزریی مرۆڤدا) (٤٠ لاپەڕە) و (ڕەخنە لەلێکدانەوەی زانستی بۆ قورئان) (١٠٧ لاپەڕە)، کە هەرچەند زانستی بون بەڵام هێشتا بەتەواوی ڕەچاوی هەستی ئایینیم دەکرد و (د.خ.) ێکیشم لەدوای ناوهێنانی پێغەمبەری ئیسلامەوە دادەنا! دواتر دوای ئەوەی گۆڤارەکە لاواز بو ودواتریش بۆ مەبەستی قوتابخانەیەکی فیکریی تایبەتی بەکارهێنرا وبو بەگۆڤاری تەنها کەسێك وتەنها فیکرێك، ئیتر وازم لەو گۆڤارەش هێنا کە هەر بۆ خۆم خۆم پێوە هەڵ واسیبو ئەگەرنا هیچ حسابێکی تێدا نەکرابو بۆ من. ئینجا دوای ئەوە یەکەم توێژینەوەیەکم کە لەبڵاوکراوەیەکی عەلمانیدا بڵاو کردبێتەوە ڕەنگە ئەو نوسینە بێت کە بەناوی (ڕەگەزە ئەدەبیەکان لەقورئاندا) لەگۆڤاری (ڕوانگە وڕەخنە) دا بڵاوم کردەوە، لەسەر ئەمەیش هێشتا (سەمیر سەلیم) (بەڕپرسی ڕێکخستنی یەکگرتو) لەدانیشتنێکی دۆستانەدا لە (مەڵبەند) ی سلێمانیی یەکگرتو(!) سوکە گلەییەکی لێ کردم کە لەو بڵاوکراوەیەدا نوسینم بڵاو کردوەتەوە!.. ئەمەش واتە تا ئەو کاتەش هاتوچوی ناوەندە ئیسلامیەکانم کردوە وئەوەندە پەیوەندی ودۆستایەتیم هێشتوەتەوە کە بەرپرسی ڕێکخستنی یەکگرتو وەکو چۆن موحاسەبەی ئەندامێکی حزبەکەی دەکات ئاوا گلەیی لەمنیش بکات لەسەر ئەوەی لەدەرەوەی بڵاوکراوەکانی حزبەکەی ئەو نوسینم بڵاو کردوەتەوە! ئەمانە هەموی نیشانەی ئەوەن کە من هیچ کاتێك ودوای چەندین ساڵیش لەوازهێنانم لەخوێندنی ئایینی ئامانجم دۆزمنایەتیکردنی خەڵکی موسوڵمان وئیسلامی نەبوە وهەر ویستومە هاوکاری وگفتوگۆ ولێکحاڵیبون هەبێت لەبریی دۆژمنایەتی وشەڕەقسەی بێمانا وبەدحاڵیبون.. وله ڕاستیدا من بەشێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ وبە پلەبەندی گەشەی فیکریم کردوە وبازم نەداوە ولە شەووڕۆژێکدا وەکو هەندێك کەس لەئیسلامییەکی عیار ٢٤ ـەوە نەبومەتە عەلمانییەکی عیار ٢٤! (لە ڕاستیدا من هیچ کاتێك ئیسلامییەکی دۆگمایی نەبوم وئێستەش عەلمانییەك نیم وەکو ئەو عەلمانیە کوردیە تەقلیدیەی کە هەیە). ئێستەیش من نوسەرێکی تەواو سەربەخۆم وبێلایەنانە لەئیسلام دەکۆڵمەوە وەکو چۆن لەکولتوری ـ بۆ نمونە ـ میسریی کۆن دەکۆڵمەوە، بەڵام هێشتاش لەنوسینی مندا شێوازی ڕەق وگاڵتەبازی وکاریکاتێری نیە چونکە باوەڕم بەشێوازی زانستیی پابەند هەیە ولە ئەنجامی کەڵەکەبونی زانیاریی زۆریش لەلام پێویستیم بەوە نیە پەنا ببەم بۆ شێوازی بازاڕی و وروژێنەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵێك خوێنەری نیمچەخوێندەوار وبۆ پەیداکردنی ناوبانگی ساختە. بەڵام کاتێك پیاوانی ئایینی (دوکاندارەکانی ئایین) تەڕووشك پێکەوە دەسوتێنن وهەمو توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی لەئیسلام بەدۆزمنایەتیی ئیسلام وموسڵمانان لەقەڵەم دەدەن وڕەشەخەڵك لەئێمەمانان دەوروژێنن وپەنا بۆ شێوازی تەشهیر وتەکفیر دەبەن کاتێك هیچیان پێ نامێنێت، ئەو کاتە ئێمەش بەتوندترین شێوە ڕوبەڕویان دەبینەوە وناهێڵین چیتر ئەوانە عەقڵی خەڵك داگیر بکەن وچاوبەستییان لێ بکەن، ئیتر ئێمەش داکۆکی لەو ناوچە ئازادەی توێژینەوە وڕەخنە دەکەین وهەر کەسێکیش ئەو ناوچەیەمان لێ داگیر بکات وەڵامی شیاوی ئەو داگیرکردنە دەدەینەوە. بەشێوەیەکی گشتییش دەبێت هەمو شتێك بوترێت، نابێت هیچ شتێك لەمرۆڤ ولە ڕای گشتی بشاردرێتەوە، ئیسلام هەر بەهەا ونرخ وڕاستی وناڕاستییەك وچاکە وخراپەیەکی هەبێت دەبێت بوترێت، ئیتر ئەگەر کەسانێك وگروپ ولایەنێك پێیان ناخۆشە کەیفی خۆیانە، ئەم سەردەمە سەردەمی دڕاندنی پەردەکان ودۆزینەوەی ناوچە شاردراوەکان و وتنی نەوتراوەکانە. سەبارەت بەپیاوانی ئایینییش زۆر درەنگی کردوە لەفرمان وزەرورەت وپاساوی بونیان بپرسرێتەوە.

ئێستەش من لەگۆڤاری (دۆسێی ئیسلام) دا لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی) کار دەکەم وکارکردنم لەو شوێنەدا جێی شانازیمە، گرنگ ئەوەیە: لەشوێنی حزبیەوە بانگ ناکرێم، ئابونە نادەم، کەسی حزبی ناتوانێت لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات، چیم بوێت ئەوە دەڵێم، کەس ناتوانێت هیچ بیرۆکە وئایدیۆلۆجیایەکم بەسەردا بسەپێنێت بەڵکو من دەتوانم بیرۆکە وتێبینی وڕەخنەکانم ئازادانە بڵاو بکەمەوە وکاریگەریی خۆم پیادە بکەم (ئەم شتانەی کە دەڵێم ئێستە نین وبەڕۆکی من ناگرن ئەو شتانەن کە لەکۆمەڵەی نوسەرانەکەی یەکگرتودا هەبون).

گرنگ ئەوەیە وەکو توێژەرێك بیروڕای زانستیی خۆم بڵاو دەکەمەوە نەك سەربازێك بم بەپێی بۆچون وفەرمانی کاپتن بجوڵێمەوە. گرنگ ئەوەیە هەرچی دەکەم نرخ وبەها وبەرامبەر و (هەق وماف) ی خۆی هەیە، نەك پێم بڵێن "تۆ بۆ خوای دەکەیت" وخۆیان بەپەیژەکەی سەرشانمدا سەر بکەون بۆ سەرەوە. گرنگ ئەوەیە هەر کاتێك ئەو شوێنەی کاری نوسینی تێدا دەکەم بەکەڵکم نەهات زۆر ئاسایی وڕەوایە شوێنێکی تر هەڵ بژێرم وماڵئاوایی لەو شوێنە بکەم، نەك وەکو ئەوەی لەیەکگرتودا هەیە کە ماوەماوە ئەندامەکانیان کۆدەکردەوە و (بەیعەت!) یان لێ وەردەگرتن کە بۆ هەتاهەتایە دەبێت ملکەچ وبێدەنگ وپابەند و (گود بۆی) بن، هەتا زۆر جار دەچن لەسەر بنچینەیەکی یەکگرتوانە خێزان وماڵیان بۆ دروست دەکەن (واتە دەیانبەستنەوە بەهاوسەرێك/بنەماڵەیەك/ی یەکگرتوەوە) بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانن واز لەیەکگرتو بهێنن! ئەگەر وازیشیان هێنا هەر لەخولگە ومەداری یەکگرتودا بخولێنەوە ونەچن بەئەم لا وئەو لادا!

بۆ لاپەڕە (١٥)

بینین

♦ دڵسۆز حەمە

پارلەمانتار

لە دوای ڕاپەڕین و قۆناغی هەڵبژاردن و پێکهێنانی پارلەمان و ئینجا حکومەت ، لە خیتابی تەواوی هێزە سیاسیەکاندا تێرمێکی نوێ کەوتە بەر گوێمان ، تێرمی گوێزانەوەی خەباتی شاخ بۆ ناوشار ،ئەگەر بە ووردی لە چەمکی شاخ و لە چەمکی شار تێبگەین لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی وئارکۆلۆژی و سیاسی کوریدا ،ئەوا تێدەگەین کە ئەو گوێزانەوەیە مانای چی وشێوازو ئامرازەکانی خەبات وتێکۆشان وکاری سیاسی دەبێت چی لێبێت ، فەرهەنگی پارتیزانی وحیکایەتی ئازایەتی وشەڕو بەرەنگاربونەوەی پێشمەرگە وحەماسەتی شکانی سەربازیی دوژمن حێکەوتەی مانای خەباتی شاخە لە یادەوەری و فەرهەنگی ئێمەدا ، کە ئازایی وبەجەرگی و خۆڕاگری و وەشانی گورزی فیزیکی وسەربازی لە دوژمن لە هەرە ئامانج ومیکانیزمە گرنگەکانی ئەو شێوازەی تێکۆشانە کە چەك وجەنگاوەر تێدا بکەرن ، بەڵام شاردا ،لەناوجەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتی وپێکهاتەی فیزیکی و ئینسانی و ڕێکخستنیدا ، پێکهاتەکانی تێکۆشانی شاخ وئامرازەکانی ،تەنها ڕەهەندە ئەخلاقیەکانی بەولاوە ئیدی بە تەواوی دەبێت بگۆڕێن ،خەباتی شار مانای ڕێکخستنی ژیان و ئیدارەکردنی ژیان لە ئارامی وئاشتیدا ،لە پەیوەندیەکی نەپچڕاوی دیالکتیدا ،مانای ڕێکخستنی دەسەڵاتی بەڕێوەچونی کۆمەڵگا بەو جۆرەی کە ماف و ئازادیەکان ،ئاسایش وخزمەتگوزاری ،پەرەپێدان وگەشەکردن لە هەمو ڕوەکانی ئابوری وپەروەردەیی وفەرهەنگیەوە مسۆگەر بکات ، مانای دابینکردنی عەدالەت و چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبون ،کە ئەمانە لەدواجاردا ئەو مانایانەن ،ئەو بەها وئامانجانەن کە دەسەڵاتی سیاسی ،دەسەڵاتی ئیداری کۆمەڵگا دەبێت مسۆگەریان بکات ،ئامرازەکانی خەباتی شار لە جیاتی چەك زانست وهۆشیاری و توانای بەرهەمهێنان وزانستی بەڕێوە چون و هەڵسوڕانی پێداویستیەکانی ژیان وگەشەکردنە بە هەمو ڕەهە ندە پەروەردەیی وسیاسی وئابوری وئینسانیەکانەوە ، کە لەدواجاردا مانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەك کە لە ئارامی و بەختەوەری وعەدالەتدا مرۆڤەکان هەست بە گیانی ئینتیما وئازادی وبەهای خۆیان بکەن ، لە خەباتی شاردا جەنگاوەر ،بەمانی کاراکتەر و پێکهاتەی هەڵسوکەوتی جەنگاوەر ،مانا و پێکهاتەی دەگۆڕێت بۆ پسپۆڕ ،پسپۆڕی مەدەنی لە تەواوی پێکهاتە جیاوازەکاندا کە لە دواجاردا دەچێتە پێکهاتە وبیناکردنی پارچە جیاوازەکانی ئەو پێکهاتە مەدەنی و بەهێزەی کە دەسەڵات ودەوڵەت پێکدەهێنێت ،دەسەڵات ودەوڵەت کە بە درێژایی مێژو هەتا ئەمڕۆکەش خەونی گەورەی مرۆڤی کوردە ،خەونێك کە هەمیشە بەرەنگاری هەڕەشەی ترسناك بۆتەوە ،خەونی ڕاستەقینەی دەوڵەت وقەبارەی سەربەخۆ ئەگەر لە شاخەکانەوە بانگەشەی بۆکرابێت ،ئەوا شار ،ناو جەرگەی پێکهاتەی کۆمەڵگا و دەزگاکانی کۆمەڵگا شوێنی دامەزرران وبیناکردنی دەوڵەت ودەزگاکانی دەوڵەت وپانتایی ژیان و گەشەکردنی دەزگاکانیەتی ،کە یەك لەوانە پارلەمانە ،پارلەمان کە لە مێژوی خاڵی لە دەوڵەتی ئێمەدا ،تازەترین شێوازی خەبات و تازەترین دامەزراوەی مەدەنی بو کە تێرمی خەباتی شار دەیگرێتەوە ،لەودەزگا وپێکهاتە گرنگانەیە ،کە لە حاڵەتی سروشتی و پێناسی سروشتی پارلەماندا دەکرێت بە گرنگترین و بەهێزترین وبەدەسەڵاتترین ناوەندی دەسەڵات حیساب بکرێت لە کۆمەڵگادا ،کە دەتوانێت ژیانی سیاسی و ئیداری وئابوری وپاسایی کۆمەڵگا بەوجۆرە ڕێکخات کە دیموکراسی و عەدالەت فەراهەم بکات ، بەومانایەی کۆمەڵگای پارلەمانی دەسەڵاتی پارلەمانی لە هەر وڵاتێکدا مانای هەبونی دیموکراسی وئامادەیی هەمەدەنگی وبیروڕا وهێزی جیاواز ،لەدواجاردا خودی بکەرەکانی ناو پارلەمان ،پارلەمانتارەکان ئەو نوخبە سیاسی وخوێندەوار وهەڵکەوتوانە دەگرێتەوە کە لەناو حیزب ودەرەوەی حیزبەکان ،لەو ناوەندەدا کۆدەبنەوە کە گرنگترین ناوەندی دەسەڵات ومیکانیزمی هەڵسوکەوتی دەسەڵات و پانتایی ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگایەك تەنانەت،نەزاهەتی دادگاو ئازادیەکانیش پەیوەندی بەهێزیان هەیە بە کارایی و زیندویی و بەهێزی پارلەمانەوە ، پارلەمانتارانی کورد بەوانەی ناوەو ئەوانەی بەغداش ، لە خولی یەکەمەوە کە سیخناخ بو بەسفیری شاخ و عەقلی شاخ و کادری شاخ ،تا دواهەمین خول بەوانەی سەنگەری پێشەوەی بەغداشەوە ،بە چاوکردن لەو ڕافانەی سەرەوە ،بە لە بەرچاوگرتنی میکانیزمی کارکردن ولێهاتویی ودڵسۆزی و هۆشیاری و تەنانەت ئاستی پسپۆڕی و زانستی ئەندامەکان تا دەگاتە توانای سیاسی وئازایەتی وراستگۆیی لە وەرگرتنی هەڵوێست وبەرەنگاربونەوەدا ،بە دەگمەن ڕێکەوتی فیگەرێك دەکەین شایانی نوێنەرایەتی خەڵك بێت لەو کوردستانەدا ، ئەگەر بە دیوێکدا حیزبەکان ڕۆڵی هەرە خراپ وترسناکیان هەبوبێت بۆ کوشتن وئیفلیجکردنی چەمکی پارلەمان و ژیانی پارلەمانی لەکوردستاندا ،لەڕێی سیخناخکردنی پارلەمان بەدەیان کادری بێتوانا و نەخوێندەوار ،کە تاکە توانایی ورێگای گەشتنە پارلەمان حیزب وپێگەی حیزبەکەی بێت ،کە ئەو مرۆڤکە ئەنجامەکانی زۆر بە خراپ وهەڵەی مێژویی دەنێتەوە ،ئەوا بەدیوێکی تردا ئەوا خودی ئەندامەکان خۆیان ،فاکتەرێکی ترن لە نەهێشتن ولاوازکردنی کاراکتەری پارلەمان ،هەر حیزبەکان تاوانباری سەرەکی نین لە گەندەڵی و دابینەکردنی خزمەتگوزاری و هەرای مادەی ٢٤ وقەیرانی کەرکوك ،نەبونی کاریزما ،گیانی زیندوی خەباتی مەدەنی و کاراکتەری بەهێز لە پارلەماندا دەردێکی کوشندەی گەندەڵبونی ژیانی سیاسی و ئابوری وولاتی ئێمەیە ،هەمو لە بیرمان دێت (ڕوبن کۆك) لە ڕۆژی بڕیاردانی پارلەمانی ئینگلتەرە بۆ بەشداری شەڕی عێراق ،چۆن (ڕوبن کۆك) پارلەمانی جێهێشت و وازی لە پۆستەکەی هێنا ،پارلەمانتارێکی هۆڵەندی ،لەو هۆڵەندایەی هەرە لیبرالترین وولاتی ئەوروپایە ،وەختێك میدیاکان باسیان لەوەکرد ئەو پارلەمانتارە چۆتە لای ژنە لەشفرۆشەکانی ئەمستەردام ،ئەوا خۆی یەکسەر دەستی لەکارکێشایەوە،حورمەتگرتنی مرۆڤ بۆ پەیام وئەرکەکانی لەژیاندا لەهەرەپرەنسیبە گرنگەکانن ،ئێمە ڕۆژێك لەهەمبەر بەردبارانکردنی کچێکدا تامردن ،لەهەمبەر ئەو هەمو درۆیەی دەسەڵات و هەڵکشانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنانـدا ،ژنەپارلەمانتارێکمان نەدیت پۆستەکەی خۆی ڕەتکاتەوە ،کەسێکمان نەدیت لەهەمبەر ئەوهەمو گەندەڵی ونارەزاییەی خەڵك پ